# جیاوازی پێشکەوتنی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی لە نێوان باکووری کوردستان و تورکیا و کێشەی کورد

د. بورهان یاسین
زانکۆی لوند ـ سوید

ئەم بابەتەی بەردەست لە "کۆنفرانسی نەتەوەیی باکوری کوردستان" پێشکێشکراوە. ئەم کۆنفرانسە، کە لە نزیک شاری ئەمستەردام بەسترا لە ڕۆژانی 25 تا 27 ی فیبریوەری ئەمساڵ، لە لایەن (پلاتفۆرما کوردێن ئەورووپا)وە ڕێکخرابوو. بابەتەکە کورتکراوەیەکی چڕی هەندێ بیر و بۆچوون و زانیارین کە لە لێکۆڵینەوەیەکی بلاونەکراوەی خۆم کە ماوەی چەند ساڵێکە خەریکیم و دەربارەی پرۆژەی (GAP)ە وەرگیراون. ئەم پرۆژەیە بە مەبەستی سوودوەرگرتن لە سەرچاوەی دەولەمەندی ئاو، دەولەتی تورکیا لە بەشیک لە باکووری کوردستان* ئەنجامیدەدات.

## هەندێک خاڵی گشتی

- هەر لە سەرەتای پەیدابوونی دەوڵەتی تورکیاوە هەتاکو ئێستا جیاوازیەکی گەورە لەڕووی پێشکەوتنی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی لەنێوان باکووری کوردستان و بەشی ڕۆژئاوای تورکیادا هەبووە. ئەو جیاوازیە زۆر کاریگەری نێگەتیڤی کردۆتە سەر کوردستان و پەیوەندیەکانی کورد و دەوڵەتی تورکیا.
- ئەو جیاوازیە ئابووری ـ کۆمەڵایەتیە هەموو لایەنەکانی ژیانی گرتۆتەوە، هەر لە پێشکەوتنی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گواستنەوە و ئاستی خوێندن و کۆچکردن و هتد. . .
- لەناو کێشەی کورد ـ تورکیا دا سێ مەسەلەی گرنگ هەن: آ. هەوڵەکانی دەوڵەتی تورک بۆ ئینکارکردن و تواندنەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لە تورکیا، ب. جیاوازی لە ئاستی پێشکەوتن و گەشەکردنی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی لەنێوان کوردستان و تورکیادا، ج. خواست و خەباتی گەلی کورد لە باکوری کوردستان بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی.

## چەند پرسیارێکی گرنگ

1) جیاوازی پێشکەوتنی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی چەندە و چۆنە و بۆچی ئەو جیاوازیە هەیە؟
2) مۆدێرنیزەکردنی تورکیا چ ڕۆڵێکی هەبووە لە چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی ئەو جیاوازیە؟
3) ئایا تورکیا دەتوانێت چارەسەری کێشەی کورد بکات بەڕێگای چارەسەرکردنی گرفتی جیاوازی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی؟

## بۆچونی تیۆری

لە لێکۆڵینەوە زانستی (مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی)یەکاندا زۆر جار جیاوازی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی لەنێوان دوو ناوچەدا لەژێر ڕۆشنایی تیۆری کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی (internal colonialism) کە گرنگترین چمک تیایدا (مەرکەز ـ ڕۆخ)ە، تاوتوێ دەکرێت. پەیوەندیەکانی نێوان مەرکەز و ڕۆخ ئاڵۆزتر و پڕ ناکۆکیتر دەبن کاتێک کە سنوورەکانی ئەو مەرکەز ـ ڕۆخە لەگەڵ سنووورە ئێتنیکیەکاندا تێکەڵ دەبن یاخود یەکانگیر دەبن. هەروەها جیاوازی پێشکەوتنی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی لە حاڵەتی باکووری کوردستان و سیاسەتی ڕەسمی دەوڵەتی تورکیا لە ئینکارکردن و تواندنەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لە باکووری کوردستان بە چڕی یەکتر بە هێزدەکەن. بە مانایەکی تر

حاڵەتی دواکەوتوویی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی لە رووی سیاسی و دەروونی و ئایدیۆلۆژییەوە بە چڕی تێکەڵاو بە ناسنامەی ئێتنیکی کورد لە لایەک و بۆچوونە رەسمیەکانی دەوڵەتی تورکیا دەبێت. بەو مانایە ئێمە دەتوانین پەیوەندیەکانی باکووری کوردستان لە گەڵ دەوڵەتی تورکیادا لە چوارچێوەی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی تەماشا و راڤە بکەین. ئەمە لە کاتێکدا ئەم بۆچوونە تیۆرییە باس و لێکۆڵینەوەی زۆر هەڵدەگرێ کە دواجار بۆ بەکارهێنانی ئەم چوارچێوە تیۆرییە بە شێوەیەکی ڕاست و درست لێکۆڵەر پێویستی بە ئاگاداری و ووردەکاریەکی زۆر هەیە.

## هەندێک زانیاری مێژوویی

بۆچوونی ئایدیۆلۆژی تورکیا و حیزب و هێزە کۆمەڵایەتی و دامەزراوە رەسمییەکانی تورک بە گشتی هەڵگری ئەو باوەڕە بوونە کە بەڵێ دەوڵەت دەتوانێت بەڕێگای گەشەپێدانی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی باکووری کوردستان مەسەلەی کورد، یا ئەوەی خۆیان بە زمانی ڕەسمی پێی دەڵێن کێشەی باشووری ڕۆژهەڵات، چارەسەر بکات. بەڕاستی ئەگەر ئێمە بۆ نموونە تەماشای دۆکومێنتە دیپلۆماسییە بەریتانی و ئەمریکیەکانی ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی بکەین، بەئاسانی دەتوانین ببینین کە تورکەکان جار لەدوای جار بە ئەمریکی و بەریتانیەکانیان گوتووە کە هیچ مەسەلەیەک لە تورکیا بەناوی مەسەلەی کورد نیە و مەسەلەی سەرەکیش تەنها دواکەوتوویی "باشووری ڕۆژهەڵاتە". لە دیدی ئەم بۆچوونەوە چارەسەری کێشەی کورد لەم وڵاتە خۆی تەنها لە پێشخستنی ئابووری و کۆمەڵایەتی، بە مانایەکی تر لە مۆدێرنیزەکردنی ناوچەکەدا دەبینێتەوە.

لە ساڵانی 1950کان و 1960ەکاندا هەرنەبێ بەشێکی بزووتنەوەی سیاسی باکووری کوردستان، کە بۆ خۆیشی کەوتبووە ژێر کاریگەری ئەو بۆچوونە، ئامانجی بەرەوپێشەوەبردنی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کوردستان لە ئەجێندای سیاسی بە پلەی یەکەم دادەنا. هەڵگرانی ئەو جۆرە دیتنە ئایدیۆلۆژیەی ناو کۆمەڵگەی کورد لەو کاتەدا بە لایەنگرانی بەرەوپێشەوەبردن (developmentists) ناسراون. هۆکارە هەرە گرنگەکانی ئەم جۆرە بۆچوونە کوردییە کە باوەڕی هەبوو بە بەرەوپێشەوەبردنی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ چارەسەری کێشە سیاسییەکان ئەمانە بوون: 1) کاریگەری بۆچوونەکانی چەپی تورکی، 2) کاریگەری دیتنی ڕەسمی دەوڵەتی تورک، 3) نەبوونی هیچ جۆرە پەراوێزێک لە تورکیا بۆ کوردان کە گوزارش لە ئامانجە سیاسی و نەتەوەییەکانیان بکەن. ئەو حاڵەتە جۆرێک لە پراگماتیزمی لەسەر هەرنەبێ بەشێک لە جوڵانەوەی کوردایەتی سەپاند کە ئەویش خۆ دوورخستنەوە بوو لە درووشمی سیاسی و نەتەوەیی و پێداگرتن بوو لەسەر بەرەوپێشەوەبردنی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستان، 4) لە ساڵانی 1950کان وە بەتایبەتی لە ساڵانی 1960ەکاندا خۆشبینییەکی تیۆری گشتی (ئەکادیمی و سیاسی) هەبوو کە مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگا ئاسانکاری دەکات بۆ چارەسەرکردنی گرفتە سیاسیەکانی ئەو کۆمەڵگایە بە شێوەیەکی "ئۆتۆماتیکی" . بەهەر حاڵ لە ساڵانی 1970کاندا خەباتی سیاسی کورد لە باکووری کوردستان بە شێوەیەکی ڕاشکاوانەتر کەوتە قۆناخی جەختکردنە سەر گوتاری ناسیۆنالیستی.

## جیاوازی پێشکەوتنی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی

لە گوتاری فەرمی دەوڵەتی تورکدا جەختکراوەتە سەر دوو هۆ بۆ جیاوازی ئابووری لەنێوان باکووری کوردستان و ڕۆژئاوای تورکیادا: 1) هەبوونی تیرۆریزم، 2) قەیرانی کوەیت.
لەڕاستیدا هەرچەندە شەڕ و ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان لە کوردستان بە تایبەتی لەدوای 1984ەوە وە هەروەها قەیرانی کوەیت زۆر زیانیان بە پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کوردستان گەیاندوە بەڵام ئەوە ئەو ڕاستیە ناشارێتەوە کە جیاوازی ئابووری زۆر کۆنە و هەموو لایەنەکانی ژیانیشی گرتۆتەوە. ئەم جیاوازیە هەر لە پێش دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیا هەبووە و لە 82 ساڵی ڕابردووش لە مێژووی ئەم دەوڵەتە ئەم جیاوازیە فراوانتر و قووڵتر بووە. هەروەکو حوسێن چەلیک (ئەندامی پەرلەمانی تورکیا) لە کۆتایی 1990کاندا دەڵێت: ڕاستی ئەوەیە کە

هۆی پێشنەکەوتنی ئابووری لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی خواستێکی سیاسی ڕاستەقینە لەلایەن بەرپرسانی تورک بۆ بەرەوپێشەوەبردنی ئەو ناوچەیە.

بۆ تێگەیشتنی جیاوازی ئابووری - کۆمەڵایەتی لەنێوان کوردستان و تورکیادا پێویستیمان بە تێڕوانینێکی مێژوویی ساڵانی پێش دروستبوونی دەوڵەتی تورکیا هەیە. لەڕاستیدا ئەو جیاوازیە هەر لە سەردەمی عوسمانیەکاندا هەبووە و کۆنترە لە مێژووی بوونی دەوڵەتی تورکیا. هەندێ تەفسیری گرنگ هەن بۆ هەبوونی ئەو جیاوازیە لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا: 1) نزیکی جوگرافی ڕۆژئاوای ئەو ناوچەیەی کە ئیمڕۆ پێی دەگوترێ تورکیا لە ئەورووپا. ئەو حاڵەتە یارمەتیدەر بوو بۆ ئەورووپاییەکان کەوا هەموو سەرمایەخستنەکارێکیان لە ناوچەی ڕۆژئاوای تورکیادا بکەن، 2) ئەستەنبول کە کەوتبووە ڕۆژئاوای "تورکیا"، مەرکەزی سیاسی و ڕۆشەنبیری و کولتوری و دیپلۆماسی ئەو کاتەی دەوڵەتی عوسمانی بوو.

بۆ نموونە لە ساڵی 1915دا 300 یەکەی پیشەسازی لەناو سنووری ئەو ناوچەیەی کە ئەمڕۆ پێی دەگوترێ تورکیا هەبوون. ئەو 300 یەکە پیشەسازیە بە تێکڕایی لە ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوای تورکیادا بوون و 55% لەو یەکانە تەنها لە دەڤەری ئەستەنبول بوون. لە ساڵەکانی دوایی تەمەنی دەوڵەتی عوسمانیدا نزیکەی 2000 میل ڕێگەی شەمەندەفەر هەبوون. بەشی هەرە زۆری ئەو ڕێگایە لە بەشی ڕۆژئاوای تورکیا بوو و کوردستان لێی بێبەش بوو.

جیاوازی پێشکەوتنی ئابووری - کۆمەڵایەتی لە نێوان باکووری کوردستان و تورکیا زۆربەی هەرە زۆری لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە. بۆ نموونە، بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان نزیکەی 15% ی خەڵک لە تورکیا هەژارن. بەڵام بە جوداکردنەوەی کوردستان لە ڕۆژئاوای تورکیا ئەوە دەردەکەوێ کە لە ناوچەی مەرمەرە و دەریای ئیجەی ڕۆژئاوای تورکیا ڕێژەکە تەنها (1.4%)ە، کەچی لە کوردستان ڕێژەکە نزیکەی (30%)ە. هەر لەو ڕاپۆرتەدا ئەوە هاتووە کە هۆی بەشێک لە گرفتی ئابووری تورکیاو هەبوونی هەژاری تیایدا، نەبوونی پێشکەوتنێکی ئابووریە لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات. بە مانایەکی تر هۆیەکە دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی ناهاوسەنگ (unequal development) بە گشتی لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای تورکیا. هەروەها هەندێک لە پسپۆڕان لەو باوەڕەدان کە یەکێک لە گرفتە هەرە گەورەکانی تورکیا ئەوەیە کەوا دەوڵەت هیچ جۆرە سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێناوە لە ڕووی پێشکەوتنی ئابووری لە "کوردستان". ئەنجامی ئەو ڕاستیەش ئەوەیە کەوا توانا مرۆیی و سامانە سرووشتیەکانی کوردستان بەباشی بەکارنەهاتوون. بەگوێرەی هەندێک زانیاری داهاتی تاکە کەسێک لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا 1.633 دۆلارە لە ڕۆژێکدا کەچی لە تورکیا بە گشتی 3.176 دۆلارە. بەم مانایە لە ڕۆژئاوای تورکیا داهاتی تاکەکەسێک زیاترە لە 6 دۆلار. لە هەمان کاتدا هەندێک حاڵەتی ئەوپەڕیش هەن. بۆ نموونە، لە ساڵی 1986دا داهاتی تاکە کەسێک لە گوندێکی هەکاری 6% ی داهاتی تاکە کەسێک بوو لە کۆجایلی (لە نزیک بۆسفۆر - بۆگازیجی). هۆیەکی گرنگی هەبوونی ئەم حاڵەتە ئەوەیە کەوا پیشەسازی گەورەی تورکیا لە ڕۆژئاوای تورکیان، ئەوە لەکاتێکدا کە شارێکی وەکو دیاربەکر کە شاری هەرە گەورەی باکووری کوردستانە، هیچ جۆرە پیشەسازیەکی قورس (گەورە)ی تیادا نیە. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕەسمی تورکیا، لە دیاربەکر 61.4%، لە ئەرزەرووم 59.4%و لە ئورفا (رەحا) 46.3% لەو کچانەی کە تەمەنیان لەنێوان 7 و 13 ساڵدایە نەچوونەتە قوتانخانە و تەنها 68.9%ی منداڵانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا و 70.94%ی منداڵانی باشووری ڕۆژهەڵات دەچنە قوتابخانە، کەچی لە ڕۆژئاوای تورکیا ئەو ڕێژەیە لە 95% زیاترە.

بواری تەندروستی بوارێکی گرنگە بۆ هەڵسەنگاندنی جیاوازی ئابووری - کۆمەڵایەتی لەنێوان ڕۆژئاوای تورکیا و کوردستان. لە ڕاپۆرتێکی ڕەسمی تورکیادا لە ساڵی 1988دا ڕێژەی دکتۆر - نەساخ (واتە هەر دکتۆرێک چەند نەساخی بەردەکەوێت) دیارکراوە. بۆ نموونە، لە ئەزمیر یەک دکتۆر بۆ 329 نەساخ بوو، کەچی لەهەمان کاتدا ڕێژەکە لە شەرناخ یەک دکتۆر بۆ 4500 نەساخ بوو. بەگشتی نەبوونی دکتۆران لە دەڤەرەکەدا دیاردەیەکی بەرچاو بووە. هەر لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە زۆرێک لە ناوەندە تەندرووستیەکانی ناوچە بەتەواوەتی بێبەشبوون لە کادیری ساخبێری پێویست.

بەگشتی ئەنجامێکی نێگەتیڤی جیاوازی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی لە نێوان تورکیا و کوردستان دا ئەوە بووە کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کوردستان جێگەی ژیانیان جێهێشتووە و ڕوویان کردۆتە ڕۆژئاوای تورکیا. لە ساڵەکانی دواییدا لێکۆڵینەوەکان ئەوها پیشان دەدەن کە بەلایەنی کەم 40%ی خەڵکی کورد لە تورکیا لە دەرەوەی سنووری کوردستاندا دەژین. دەشبێ بگوترێ کەوا جگە لە جیاوازی ئابووری، دوو هۆی تری ئەم کۆچکردنە ئەمانەن:1) سەختی مەرجەکانی ژیان بە پەیوەندی لەگەڵ ناعەدالەتی لە ڕووی مولکیەتی زەویدا. بۆ نموونە، لە ساڵی 1985 تەنها 2%ی دانیشتوانی باکووری کوردستان خاوەنی 30.5%ی زەوی بوون لەو ناوچەیەدا. لەوەش زیاتر شوێنگە و پلەوپایەی ئابووری و کۆمەڵایەتی خاوەن زەوی (ئاغایەکان) لە بیست ساڵی دواییدا بە هۆی شەڕ و پێکدادان بەهێزتریش بووە بەهۆی پشتگیریەکی زێدەی دەوڵەت بۆ ئاغا و سەرۆک عەشیرەتەکان، 2) هۆیەکی تری ئەم کۆچبەریەی کورد بۆ ڕۆژئاوای تورکیا شەڕی نێوان PKK و هێزەکانی دەوڵەت بووە.

## پرۆگرامی مۆدێرنیزەکردنی تورکیا

هەر زوو، دوای دروستبوونی دەوڵەتی تورکیا، سەرکردەکانی دەوڵەتی تازە بەتایبەتی لە قۆناغی 1923 ـ 1930 دا بەئاگاداریەوە کەوتنە هەوڵدان بۆ پیادەکردنی ستراتیژی ئاوێتەکردنی "شوێنی نەتەوەیی" (national space) لە دەورووبەری پایتەختی تازە، ئەنقەرە. هەڵبەتە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە بەدەستهێنانی هاوسەنگی لە پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا لە تەواوی تورکیا بە باکوری کوردستانیشەوە شتێکی هەرە پێویست بوو.

پرۆگرامی مۆدێرنیزەکردنی تورکیا، پرۆگرامی هەرە گەورە و گرنگە لەناو پرۆگرامەکانی مۆدێرنیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەڕاستیش، تورکیا یەکەم وڵات بوو لە ناوچەکەدا کە هەر زوو لە ساڵانی 1930ەکاندا دەستیکرد بە سەرمایەخستنەکار لە بواری پیشەسازی قورس دا. میسر، کە ئەویش خاوەن پرۆگرامێکی مۆدێرنیزەکردنی گەورەیە، زۆر دوای تورکیا واتە لە ساڵانی 1950کاندا دەستیکرد بە خستنەکاری سەرمایە لە بواری پیشەسازی قورسدا.

هەڵبەتە مرۆڤ دەتوانێ بپرسێ کە ئایا بەشی کوردستان لە پرۆگرامی مۆدێرنیزەکردنی تورکیادا و بە تایبەتی لە پیشەسازی قورسدا چی بووە؟ بەگوێرەی هەندێک لێکۆڵینەوە، لەنێوان ساڵانی 1930 و 1945دا، دەوڵەت بەشی هەرەزۆری، ئەگەر نەڵێین هەموو، سەرمایەخستنەکاری تورکیا بۆ بە پیشەسازیکردنی ڕۆژئاوای تورکیا بووە. لەلایەکی ترەوە هەر لەو ساڵانەدا هیچ سەرمایەیەک نەخراوەتەکار لەبواری کشتوکاڵدا لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات، کەچی کشتوکاڵ سەروچاوەی هەرە سەرەکی بووە لەم ناوچەیەدا. ئەم ڕاستیە پشتڕاست کراوەتەوە کە لە ساڵانی فەرمانڕەوایی مستەفا کەمال ئەتاتورک و فەرمانڕەوایی عیسمەت ئینۆنۆ نزیکەی هەموو سەرمایەخستنەکاری لە بواری مەدەنیدا خستۆتە ناو پیشەسازی، بە تایبەتی پیشەسازی قورس، لە ڕۆژئاوای تورکیا، کەچی سەرمایەیەکی زۆر کەم لە کوردستان لە بواری کشتوکاڵ خراوەتە کار. دیسان پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە تورکیا بە تایبەتی ئەوەی کە لە پرۆگرامی لیبرالیزەکردنی ئابووری کەوتەوە لە ساڵانی 1980کاندا، کاریگەریەکی پۆزەتیڤی یەکجار کەمی کردە سەر ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کوردستان. لە ڕاستیدا کاریگەری پێشکەوتنی 1980کان لە باکووری کوردستان نێگەتیڤیش بوو، چونکە جیاوازی لەنێوان هەژار لەلایەک و دەوڵەمەندەکان لەلایەکی تر، زیاتر بووە بەهۆی ئەم پرۆگرامەوە.

بە شێوەیەکی گشتی، نەبوونی سەرچاوەی دارایی پێویست، هەروەکو وەزیرێکی دارایی تورکیا (زەکەریا تەمزەل) دەڵێت، یەکێکە لەو گرفتە هەرە گەورانەی کە ڕێگا لە پێشکەوتنی ناوچەکە دەگرێت. بەڕاستی ئەوڕۆش ئەگەر تورکیا بخوازێ ئاستی پێشکەوتنی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی باکووری کوردستان بگەیەنێتە ئاستی پێشکەوتنی ڕۆژئاوای تورکیا، ئەوا هەرنەبێ 200 ـ 300 ملیار دۆلاری پێویستە! پرسیارێکی گرنگ ئەوەیە: ئایا گریمان ئەگەر دەوڵەتی تورکیا سەرچاوەی پێویستیشی هەبێت بۆ پێشخستنی کوردستان، دەوڵەت ئەو خواست و ئارەزووە پێویستەی هەیە بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان؟

ئەنجامێکی زۆر نێگەتیڤی جیاوازی پێشکەوتنی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی ئەوە بووە کە، لە لایەنەکانی کولتوری و سیاسی و دەروونیەوە، ڕوحگەورەیی (arrogance)ی نەتەوەی سەردەست (واتە تورکەکان) بە هۆی ئەم جیاوازیە زێدەتر بووە بەرامبەر بە کورد. پەیوەندی و تێڕوانین لە حاڵەتی پێشکەوتنی باشووری ڕۆژئاوای تورکیا و دواکەوتوویی باکووری کوردستان حاڵەتێکی تایبەتی لە تێڕوانینی ئایدیۆلۆژی ـ سیاسی ـ کولتوری دا هێناوەتە گۆڕێ. بەڕاستی بەکەمزانین و ئیحتیقارکردن لەلایەن نەتەوەی سەردەست ("نەتەوەی پێشکەوتوو")ەوە بەرامبەر نەتەوەی بندەست ("دواکەوتوو")، نەک تەنها زوڵم و چەوساندنەوەی نەتەوەیی لەسەر نەتەوەی بندەست ئاسانتر کردووە، بەڵکو لە لایەنی سیاسی و ئایدیۆلۆژیەوە ڕێگا بۆ نەتەوەی سەردەست خۆشدەکات بۆ ژینۆسایکردنی نەتەوەی بندەست و وێرانکردنی وڵاتەکەی. بەڕاستیش، بە پێی هەندێ بۆچوونی ئەکادیمی لە بواری ژینۆسایدا هەرچەند ئەو جیاوازی پێشکەوتنە زێدەتر بێت، ئەوەندەش پرۆسەی لەمرۆڤایەتیخستنی (dehumanization)ی نەتەوەی بندەست بۆ جەللادەکانی نەتەوەی سەردەست ئاسانتر دەبێت. ئەم لەمرۆڤایەتیخستنەش مەرجێکی گرنگە بۆ بەئەنجامگەیاندنی پرۆسەی ژینۆساید.

## دەرئەنجام

لەم بەشەی ئەم وتارەمدا بە شێوەی خاڵبەند جەخت دەکەمە سەر هۆکارە هەرە گرنگەکانی قوڵبوونەوە و فراوانبوونی جیاوازی پێشکەوتنی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی لە نێوان باکووری کوردستان و ڕۆژئاوای تورکیا بەپەیوەندی لەگەڵ کێشەی کورد لە تورکیا:

1) پاشکەوتوویی باکووری کوردستان ڕاستیەکی مێژوویی دوور و درێژە و کۆنترە لە بوونی کۆماری تورکیا،
2) لە پرۆژەی مۆدێرنیزەکردنی تورکیادا، باکووری کوردستان هەتا ڕادەیەکی زۆر بێبەش بووە،
3) هەڵوێستی دوژمنکارانەی دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر بە کورد وای کردوە کە تا سەرەتای 1990ەکان ناوچەی کوردستان لە بەرامبەر جیهانی دەرەوە بە تەواوەتی داخراو بێت. هەتا لەو ساڵانەی دواییشدا (کۆتایی 1990 ەکان و سەرەتای 2000ەکان) کاتێک کە ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا ویستوویانە بیرۆی نوێنەرایەتی (بۆ نموونە بەناوی بازرگانیەوە) لە کوردستان بکەنەوە یاخود سەرمایە وەگەڕبخەن لە ناوچەکەدا، ئەوا دەوڵەتی تورک بە تەواوەتی ڕێگر بووە،
4) شەڕ و پێکدادانە سەربازیەکان لە باکووری کوردستان لە بیست ساڵی دواییدا زەرەرێکی زۆری گەیاندۆتە پێشکەوتنی ناوچەی باکووری کوردستان و هەروەها بیانوویەکی گرنگی داوەتە دەست دەسەڵاتدارانی تورک کە گوایە بە هۆی بوونی ئەوەی خۆیان پێی دەڵێن "تیرۆریزم" ەوە ئەوان ناتوانن سەرمایە لە کوردستان بخەنەکار،
5) نەبوونی مەرجە هەرە پێویستەکانی سەرمایەخستنەکار لە باکووری کوردستان، بۆ نموونە ناهەمواری باری گواستنەوە، نەبوونی کارەبا یاخود گرانیەکەی بۆ بەکارهێنانی لە بواری پیشەسازیدا، نەبوونی ئاسایش و سەقامگیری، خەراپی مەرجەکانی مونافەسە لە بەرامبەر ناوچەکانی ڕۆژئاوای تورکیا کۆمەڵێک کۆسپ بوونە لە سەر ڕێگەی پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی باکووری کوردستان،
6) چارەسەرنەکردنی مەسەلەی کورد بە گشتی گەلێک ئەنجامی نێگەتیڤی لە بواری پێشکەوتن لێکەوتۆتەوە،
7) ئایدیۆلۆژیای ڕەسمی تورکیا دەرهەق بە مەسەلەی کورد ئایدیۆلۆژیایەکی نوقسان و سەقەت بووە (هەتا بگرە ڕەگەستپەرست)یش بووە. ئەم بۆچوونە ڕەسمییە پێداگرتن بووە لەسەر ئەو باوەڕەی کە شتێک نیە لە تورکیا بەناوی مەسەلەی کورد وە گرفتی "باشووری ڕۆژهەلات" بەڕێگای باشکردنی باری ئابووری ـ کۆمەڵایەتی چارەسەر دەکرێت،
8) پشتگیریکردنی دەوڵەت و حیزبە دەسەڵاتدارەکانی تورکیا بۆ هەندێک لە هێزە کۆمەڵایەتیەکانی باکووری کوردستان، کە لە ڕاستیدا ئەو هێزانە خۆشیان ئاستەنگن لە ڕێگای مۆدێرنیزەبوونی کوردستان. شایەنی باسە

که "هاوپەیمانی" دەوڵەت و حیزبە دەسەڵاتدارەکان لە گەڵ هێزە کوردیە کۆمەڵایەتیە تەقلیدیەکان بەهێزتر بووە لە  پاش دەستپێکردنی شەڕی چەکداریەوە لە باکووری کوردستان لە ساڵی 1984دا،

9) نەبوونی سەرمایەو خواستی پێویست بۆ بەرەوپێشبردنی کوردستان.

* لەم وتارەی بەردەستدا چمکەکانی باکووری کوردستان، ڕۆژهەڵات وە باشووری ڕۆژهەڵات بەکارهاتوون. لە لایەنی ڕووبەری جوگرافیەوە ئەم سێ چمکانە بە تەواوەتی یەکانگیر نین و بە مەبەستی جیاواز بەپێی ئەو کەس یان لایەنەی ئەم چمکانە بەکاردەهێنن دەگۆڕێن. مەبەستی بەکارهێنانی ئەم چمکانە لە ڕووی مانای جوگرافی و سیاسیانەوە ئامانجی تایبەت دەپێکن وە بۆیەش بەشێوەی جودا جودا لەم وتارەی بەردەستدا هاتوون.